

# چیرۆکەکانی دادگا

## بەرسیلەکانی ترێ و تەرزە لەناکاوەکانی (ئاکۆ)

**چیرۆکەکانی دادگا ، کۆمەڵە چیرۆکێکی واقیعین لە دادگاکانی کوردستانەوە وەرگیراون**

**ئەرسەلان تۆفیق**

● لە ڕاڕەوی دادگاکەدا دڵەکوتێ ئەو پیاوە سی ساڵانەیەی خستۆتە ناو جیهانێکی تایبەت، نە ئاگای لە هەستو نەستی ئەو کچە نەشمیلەیەی تەنیشتیەتیو نە بەتەواوییش دەزانێت باسی چی بۆ دەکات... دڵەکوتێ، ترپەی نائاسایی، خولیای سەیروسەمەرە، جەنجاڵ بیرکردنەوەی ئەو ڕۆژە گومانێکی لا دروستکردبوو کە خۆشی نەیدەزانی چی دەقەومێت، کەزیەی ژێر سەرپۆشە شلو شۆڵەکەی ئەو کچە نەشمیلەیەی تەنیشتی بردیەوە بۆ لای پرچە قاوەیی باوەکەی (ترێ) کە مەگەر خوا بزانێت چەندە بە دەمو چاوە خرپنو بەچاوە عەسەلییەکانی دەکەوت، ترێ کچە تاقانەی دایكو باوکێکی ژیان مامناوەند، لە یەکێك لە گەڕەکە دەمەو بەرزەکانی شاردا دەمێکە خانوویەکیان کڕیوە، تێیدا نیشتەجێبوونو لە پاش ترێ سێ کوڕو کچێکی تریان بووە، (ترێ) کچە خوێندکارێکی قۆناغی ئامادەییەو لەبەرئەوەی زۆر حەزی لە چیرۆكو خوێندنەوەی شیعرو ڕۆمانە چۆتە بەشی ئەدەبیو لەناو هاوڕێکانیدا بە قسەخۆشو نوکتەزان بەناوبانگە، ئەو مەگەر گرفتێکی هەبێ ئەگینا پێکەنین لێوە گۆشتنەکانی جێناهێڵێت، ئەو ڕۆژانەش کە پێناکەنێت گرد کەس دەزانێت کەشتییەکەی غەرق بووە، ئاسمان ڕووخاوەو ئەو شانی داوەتە ژێر.. نەك ناتوانێت بزە بخاتە سەر لێوەکانی، شانە بەرقژەکانی ناکەوێتو سبەینانیش کە دێتە قوتابخانە نارێکی بە جلوبەرگو بە دەموچاویشییەوە هەستپێدەکرێت، نەك ئەو دیاردەیەی لای هاوڕێکانی شتێکی ئاسایی بێت، تەنانەت ئەو ڕۆژانە کارگوزارەکانی قوتابخانەش لەنێو خۆیاندا دەڵێن

– خوا بەخێری بگێڕێ، ترێ ئەمڕۆ وەزعی باش نییە...

دەمێکە پەپوولەی خەیاڵو چۆلەکەی خەونەکانی ترێ لەسەر گوێسەبانەی ماڵی ئاکۆ بارگەو بنەیان خستووەو ئەو ماڵە، ئەو دارو پەردووانە، ئەو دارو گوڵو حەوشە پانە بە موڵکیخۆی دەزانێتو دەمێکە خۆی یەکلاییکردۆتەوە کە ئەمڕۆ نا سبەی بە بووکی دەچێتە ئەو ماڵەوە...

ئاکۆ کوڕێکی باڵابەرزی گەنمڕەنگی قژخاو، چاوەکاڵە سەوزباوەکانی دنیایەك لە جوانی، ئاسمانێك بوو لە ڕەنگاڵەیی، لە دوانیوەڕۆیەکی زەماوەندی خزمێکیاندا لەگەڵ ترێ نیگاکانیان تێکەڵاوبوون، هەستەکانیان ئاوێتەبوون تا لەو دواییانەشدا باڵاکانیان ئاوێزانو هەستو سۆزەکانیشیان ئاوێتە... پیاو بێوەفایە، ئەو ڕستە ناوەختو ناخۆشەبوو هاوڕێیەکی ترێ لە کاتی چوونە قوتابخانە بێ موناسەبە بەترێ–ی گوت.. ترێ نەیدەزانی ئەو دەڵێت چی، بەڵام هەستیکرد ئەو قسەیە بێ مەلامەت نییەو بەدەستی ئەنقەست ئاڕاستەی ئەمی دەکات، ڕستەکە هێندە ڕەزاقورسو چارەگران بوو کە نەیویست هەڵوێستەی لەسەربکات یان وەڵامێکی بداتەوە...

لە گفتوگۆیەکی عەسرانەی ئەو بەهارەدا، دنیا تا چاوبڕکات سەوزی دەکردەوە، گوڵەکان گەشاوەترو کانیاوەکان بەگوڕتر دەهاتنە بەرچاو، ترێ بە ئاکۆی گوت:

– داواكارم هاتووەو منیش لەبەرئەوەی لەسەر بڕیاری تۆ وەستاوم، هەر جوابیشم نەداونەتەوە، دایكم هەردوو پێی لێكردوومەتە كەوشێ و نەشم وێران باسی تۆی بۆ بكەم... نازانم تۆ دەڵێی چی؟!

– ئەزانی چی، ترێ گیان من هێشتا كۆمەڵە شتێكی زۆرم ماوە پێش ئەوەی ئەو بڕیارە بدەم..

– شتی چی، ئەگەر شتت بۆ من دەوێت من هیچم ناوێت، تەنها ئەوەندە هەیە دایكم و براكانم بزانن ئیتر مەرج نییە بمگوازیتەوە..

ئاكۆ چەند ڕەنگێكی گۆڕی و هەستیكرد لەبەردەم وەڵامێكی قورسدایەو لە دووڕیانێكی سەخت و دژواردا وەستاوە..

– ئەی بۆ شووی پێناكەیت..

ئەو ڕستەیە هێندە سەخت و جەرگبڕ بوو كە وەك هەورە چەخماخەیەكی لەناكاو هەموو هەست و نەستی ترێ-ی ڕاوەشاندو ئەژنۆكانی توانای ڕاگیركردنی جەستەی نەما، بۆیە دانیشت و گریانێكی بەكوڵ سەراپا وجودی هەژان..

– جا ئەوە گریانی بۆچییە.. ڕاستت دەوێ من نامەوێ تۆ بهێنم، خۆ تۆ ناتەوێ بەزۆر خۆت بدەیت بەسەرما؟!

تا ئاكۆ زیاتر دەمی دەكردەوەو درێژەی بەقسەكانی دەدا ترێ زیاتر دادەهێزرا، خاو دەبوویەوە، دەبرسكا، لێك هەڵدەوەشا.. زنجیرەی پەیوەندییەكەی لەگەڵ ئاكۆ زۆر بەخێرایی لەبەرچاویدا گوزەری دەكرد، بێزی لە خۆی دەكردەوە، تفی لە خۆی دەكرد، ڕقی لە خۆی هەڵدەستا، بۆچی هێندە سادەو ساویلكانە كەوتە بەردەست و هەروا بەو ئاسانییە تەسلیمی ئیرادەی ئاكۆ بوو، چۆن ئەو پیاو درندەیەی لێ بووە فریشتە، چۆن قسەی هاوڕێكانی وەرنەدەگرت و كە دەیانگوت ئاكۆ ئەو پیاوە سەرڕاست و قسە دروست و بە هەڵوێستە نییە تۆ باسی دەكەیت، بەڵام ئەم بەڕاست وەرینەدەگرت و زۆرجاریش بە بەخیلی و ئیرەییبردنی كچەكانی لێكدەدایەوە... نەفرەتی لەو ڕۆژانە كرد كە ئاكۆی تێداناسی، پەشیمانبوو لەو ژوانەی كە لەگەڵ ئاكۆدا دەبوونە یەك جەستەو یەك ڕۆح و تێكەڵاوی یەكتری دەبوون، ئەوسات هێندە ڕقی لە جەستەی خۆی دەبوویەوە، ئەگەر لەبەر دڵخۆشیی ئاكۆ نەبووایە یان دەرخستنی لاوازیی نەبووایە، لەبەردەمیدا دەیویست بەچنگ بەربێتە قژی و دەسكەنەی بكات، بە چەپۆك بەربێتە گیانی خۆی و هەرچی قوڕاوی ئەو جۆگەیە هەیە بیكات بەسەر خۆیدا...

كچە نەشمیلەكەی تەنیشتی ئاكۆ بەهێواشی لەو دونیایەی خەیاڵاتەوە هێنایە سەرخۆ.. ناویان خوێندرایەوەو چوونە ژوورەوە بۆ لای دادوەرو دوای وەرگرتنی وتەكانی ئاكۆو ئەو كچە نەشمیلەیە گرێبەستی هاوسەرییان وەرگرتەوە... لە وەرگرتنەوەی گرێبەستەكە تا كاتی كۆپیكردنەوەی، چەند وێنەیەك لێیكەوتەوە، دنیای خەیاڵات... ئەو شەوەی كە ترێ مارەبڕا ئەم ئاگر بەربووە گیانی.. نەیدەزانی چی بكات.. بۆ سبەینێ كە ترێ و دەستگیرانەكەی چوونە دادگا بۆ دەرهێنانی گرێبەستی هاوسەریی، ئاكۆ بە جلێكی ڕەشی ئاودامانەوە وەستابوو.. هێندەی نەبرد بڕیارێكی عەجولانەو سەرشێتانە كەوتە مێشكی ئاكۆو تەلەفونێكی بۆ ترێ كردو پێیگوت دەیەوێ ژیانی ڕابردوو، دابڕانە نەخوازراوەكان، هەست و نەستە دێرینەكان بگەڕێنێتەوە نێوانیان، ئەگەر ترێ ئامادەبێت تەڵاق وەربگرێ... تەزووی خۆشەویستی ئاكۆ سەرلەنوێ بە جەستەیدا، بە كوچەو كۆڵانە دێرین و تۆزاوییەكانی هەناویدا گوزەرێكی خێرای كرد، شەماڵێك لە كزەی بەربەیانێكی بەهاری خۆشتر، هەناسەیەك لە ئامێزی مۆبایلێكەوە دووبارە دنیای لە ترێ ئاوەژووكردەوە، هەمووی مانگێك كەمتربوو ترێ مارەبڕابوو، نەك هەر لووتی نەدەدا بەو دەستگیرانە بێئاگاو گوناهەی هەموو هەست و نەست و خواستەكانی بە باڵا شمشاڵییەكەی ئەممەوە گرێدابوو، ڕاگەیەنراوێكی دادگای پێگەیشت تیایدا هاتبوو كە ترێ دەیەوێ تەڵاقی لێوەربگرێت... تەڵاق داواكردنی نەك هەر بۆ ئەو كوڕە سادەو بێرازو ڕیوەتە لەناكاو بوو، بەڵكو سەرسوڕمانی لای هەمووان دروستكردبوو، بووە مایەی شەڕوشۆڕی ماڵەكەشیان و لەگەڵ ڕاخستنی هەموو سفرەیەكدا دەمی گرفتەكانی ئاوەڵادەبوون و نانخواردیان لێتێكدەچوو، خەڵكیش هەریەك بە جۆرێك باسیان لەو ڕووداوە دەكرد.

– لەوانەیە لەو ماوەدا شتێك چووبێتە بەینیانەوە...

– كچێ كێ ئەڵێ نوشتەیەك، دوعایەكیان لێنەكراوە...

– ئەڵێن ئەو كوڕە ژنی تری هەبووەو بەمی نەگوتووە...

– جا خوا بەخێری نەهێنێتەوە لەو كوڕە باشترێ دەستدەكەوێت...

ئاكۆ دڵەكوتێی زیاتری دەكرد، چون لە كۆتایی بەرنامەكەی، لە كۆتایی پیلانەكەی نزیك دەبوویەوە، لە قادرمەكانی دادگاوە كچێك لە تەڵە بییەكی ناسك دەچوو كە شۆڕبووبێتەوە ناو چۆمێكی ڕوون، بە گوڵەباخێكی سوور دەچوو ئاونگ لەسەری ڕۆنیشتبێت، گرد كەس حەزی دەكرد بیناسێ، بیبینێ لەگەڵیدا قسەبكات، هاوڕێ و دراوسێی بێت و گەنجەكانیش ئاخیان بۆ هەڵدەكێشا.. هێندەی نەبرد لە ژووری دادگاوە وەدەركەوت و چەند وەرەقەیەك لە تەڵاقنامەیەكەی لەناو دەستە ناسكەكانیدا لوولكردبوو.. لە ناخەوە دەگەڕایەوە بۆ دنیا جوانەكانی لای ئاكۆ، بەرنامەڕێژیی بۆ ئەوە دەكرد كە چۆن و كەی بێتە داوای و هەروا بەخێرایی لە دادگاوە وەدەركەوت..

بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئاكۆ لێوەكانی نەدەگەیشتنەوە یەك، لە ناخیشدا وەك مارێكی ڕەش، وەك بۆرە مارێكی چڵكن دەیفیشكاند، كە ژمارەی ترێ كەوتە سەرشاشەی مۆبایلەكەی بەو دەستەی كە ئەڵقەی دەستگیرانی تێدابوو (ok)یەكی لەسەركردبوو لەوسەرەوە، دەنگێك پڕ لە خۆشەویستی، تەژی لە ناسكیی و سادەیی، (بەڵێ)یەكی كردو ئەمیش گوتی با چەند شتێك هەیە باسیبكەین.. ترێ زۆر بەخۆشحاڵییەوە وایدەزانی باسی داواكردن و مارەبڕین و ئەوشتانەیە، بەڵام ئاكۆ دەستیكردەوە بە فێڵ و تەڵەكەو ڕیابازییەكانی و گوتی باوكم زۆری لێكردووم و دوێنێ ژنم مارەبڕیوەو داوای لێبوردن دەكەم... بێئەوەی ئاكۆ بزانێ چی بوو، پەیوەندییەكەی قرتا.. هەفتەیەك دوای ئەوە لەناو بازاڕدا لافیتەیەكی ڕەشی بینی نووسرابوو (هاوڵاتی ترێ... بەكارەساتێكی دڵتەزێن گیانی لەدەستدا...)